# برسیەتی تاوانە

رزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com

بە پێ ی هەواڵێکی دوێنی ی سایتی پەیامنێر ، دوو خوشکی بە تەمەن ، لە شاری هەولێر ، لە بەر هەژاری 29 رۆژ نانیان نەخواردووە ، دواتر لە بەر تێکچوونی باری تەندروستیان ، دەیانبەن بۆ نەخۆشخانە ، تائێرە نیوەی کارەساتەکەیە ، نیوەکەی تری لە هەڵوێستی پۆلیسی هەولێر دەست پێ دەکا ،هەڵوێستی پۆلیسی هەولێر هەروەکو خۆی چۆن لە هەواڵەکەوە هاتووە بۆ خوێنەرانی دەنوسمەوە :

((پۆلیس لەو بارەیەوە دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد ،ئەو ئەفسەرەی کە لە گەیاندنی ئەو دوو نەخۆشە بەشدار بوو ڕایەگەیاند کە بە پێ ی مادەی 240 یاسای سزادان ئەو کارەی ئەو دوو خوشکە ئەنجامیان داوە تاوانە ، چونکە هەوڵی خۆکوشتنی لە سەرخۆیان داوە ، بۆیە پێویستە بۆ دەرچوونیان لە نەخۆشخانە ڕەزامەندی دادگا بە دەست بێنن ))

من تا ئێستا تەسریحاتی رۆژنامەگەری دەیان بەرپرسی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆی وولاتانم لە ڕێگای میدیاوە بینیووە ، لە مێژووشدا چ بە خوێندنەوە ، چ بە ئەزموونی تاڵی ژیان لە ژێر سایەی پۆلیس ڕژێمی عێراق و بەعس ،لە ژێر سایەی گرتن و ڕاوەدوونانی پۆلیسی تورکیا ، دەیان نموونەی گەندەڵی هەڵوێستی ئەو دەزگایەم بینیوە،بەڵام هیچ کام لەم هەڵوێستانە ، بە قەدەر ئەم هەڵوێستەی پۆلیسی هەولێر ، نا ئینسانیترم نەبینیوە ، دوو بنیادەمی پیرو پەکەوتە ، لە بەر ئەوەی ئیشەکەیان (دووربنی لێفە ) وەستاوە ،چەند مانگێکە کرێ ی ژوورەکەیان نەداوە ، مانگێکیش تەنیا ئاو هەبووە بیخۆنەوە ، بە تاوانی خۆکوشتن لە قەڵەمیان دەدەن و دەبێ دەستبەسەربن لە نەخۆشخانە تا حاکم مۆڵەتیان پێ دەدا ، ئەم دیمەنە لە هەژاری ، لە شارێکدایە کە لە بەر گەشەی بازرگانی و پرۆژە ئابووریەکان ، ئەوەندە لە مێژ نابێ کۆنگرەو کۆنفرانسی ( بزنس مان ) مکانی لێ بە ڕێوە دەچێ ، شارێك کە ئەگەر حیسابی تەنیا پارەی ئەو هەموو ئالاو شەرە پەرۆیەی دوو هەفتەی ڕابردوو بکەی ، تێدەگەی کە ئەم پارانە نەك بەشی بژێوی ئەم دوو پەککەوتەیە دەکات ، بەڵکو هەرچی هەژاری گەرەکی تەیراوە هەیە دەتوانن 2-3 مانگی کرێ ی خانوو بژێوی خۆیانی پێ دابین بکەن ، ئەمە لە شارێکدایە ، کە دەسەڵاتە سیاسیەکەی قبوڵی هەڵکردنی ئاڵای ڕژێمی بەعسی نییە ، بەڵام بە کۆنەپەرسترین و نائینسانی ترین یاسای سەردەمی بەعس مامەڵە لە گەڵ هاوڵاتیانی خۆی دەکا ، ژیانی تاڵی دەیان خەڵکی تری بێ دەرامەت و هەژار ، بە بەڵێنی بەردەم کامێراو مایکرۆفۆن ناگۆرێ ، ئەندامانی هەردوو کوتلەی یەکێتی و پارتی ، ئەگەر لە پەنجەرەکانی لای ڕاستی تەلاری پەرلەمانەوە سەر هەڵبرن ، گەرەکی تەیراوە دەبینین ، کۆڵانەکەی ماڵی ئەو دوو ژنە دەبینن ، ئەگەر مەبەستیان بێ ، دەتوانن لە بەرامبەر ئەو سوکایەتیە گەورەیە ، وورتەیەك لە دەمیان بێتە دەرەوە ، نەفرەتێك لەم بێ دەسەڵاتیە خۆیان بکەن ، ئەگەر ئینسانی بوون لە پێش بەرژەوەندی حیزبەکانیان دابنێن ، دەتوانن بەلای کەمی مەعاشێك بۆ خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت دابین بکەن ، شارەوانی هەولێریش دەتوانێ ناوی هەموو گەرەکەکانی هەولێر کورت کاتەوە بۆ دوو جۆر لە گەرەك و لە ژیان ، شارەوانی هەولێر دەتوانێ ، ناوی گەرەکە خانەدارەکان بگۆرێ بۆ " بزنسساوە " ناوی گەرەکی هەژار نشینەکانیش ، کە بە پێ ی دوائیبداعی پۆلیس هەولێر ، لە بەر برسی بوونیان دەبێ دەست بە سەربن ، ناوەکەی بگۆرێ بۆ " مەینەتاوا " .